# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/٩/٢٨
پەسەندکردن ٢٠٢٦/١/٤

# ڕەهەندی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا (یاریی زمانی) بە نموونە.

فؤاد صالح رشید
وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر
fuadsalhrasheed@gmail.com

پوختە

زمانەوانیی پەروەردەیی وەکو زانستێکی نوێی تایبەت بە بواری فێرکردنی زمان، بە جۆرێک گرنگی بە هەڵبژاردنی پرۆگرامەکانی فێرکردنی زمان داوە، کە بتوانێت توانستی بەکارهێنانی زمان بۆ فێرخواز فەراهەمبکات. ئەم گرنگیدانەش وای کردووە، بیر لە پیادەکردنی ڕێبازی پراگماتیکی لە بەدەستهێنانی زمانی دایک، یان فێربوونی زمانی بێگانەدا بکرێتەوە، لەم ڕووەوە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە: ڕەهەندی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا (یاریی زمانی) بە نموونە، بۆ توێژینەوە لەسەر چەند تەوەرێکی ئەم بابەتە تەرخانکراوە. لە تەوەری یەکەمدا، باس لە پەیوەندیی زمانەوانیی پەروەردەیی بە پراگماتیک و میکانزمەکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا کراوە. لە تەوەرێ دووەمدا باس لە سودەکانی پراگماتیک و گرنگی توانستی پراگماتیکی و تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی ئەم توانستە لەپۆلدا کراوە. لە کۆتا تەوەریشدا لێکدانەوە بۆ ڕەهەندە پراگماتیکییەکان لە بونیادی یارییە زمانییەکان و ئامانج و سود و پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم یارییانە و ڕۆڵیان لە گەشەدان بە کارامەییە سەرەکییەکانی زمان کراوە، لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە لە توێژینەوەکەدا بەدەستهاتوون.

کلیلەوشە: زمانەوانیی پەروەردەیی، یاریی زمانی، توانستی پراگماتیکی، کارامەییەکانی زمان، ڕەهەندی پراگماتیکی.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن ئەو یارییە زمانییانەی بۆ فێرکردنی زمان بەکاردێن، لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و لێکدانەوەی ئەو تەکنیک و ستراتیژانەی توانستی پراگماتیکییان لێبەرهەمدێت. لە زمانەکانی تردا ڕێبازی پراگماتیکی لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا سودی زۆری لێوەرگیراوە، کەچی لە زمانەوانیی کوردیدا بەپێی پێویست گرنگی بە ڕۆڵی ئەم ڕێبازە لەم پرۆسەیەدا نەدراوە، بۆیە دەکرێ ئەم توێژینەوەیە وەکو هەوڵێک بۆ زیاتر دەرخستنی ڕەهەندی پراگماتیکی لەم بوارەدا لێکبدرێتەوە ئەم توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی، شیکاری، لێکدانەوەی بۆ ڕۆڵی یارییە زمانییەکان لە گەشەدان بەکارامەییەکانی زمان کردووە. کەرستەی توێژینەوەکە خۆی لەو یارییە زمانییانە دەبینێتەوە، کە لە زمانەکانی تردا سودیان لێوەگیراوە، یاخود لەلایەن توێژەرەوە بەپێی پێویست بۆ گەشەدان بە هەر چوار کارامەییە سەرەکییەکانی زمان دارێژراون، بۆیە بەپێی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ئاماژە بەم یارییانە کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، ئەو ڕەهەندە پراگماتیکییانە دەستنیشانبکات، کە لە بونیادی یارییە زمانییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، هاوکات ڕۆڵ و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەکەشیان ڕوونبکاتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: یاریی زمانی چییە؟ بۆ چ مەبەستێک بەکاردێت؟ بۆچی لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا پەنا بۆ پەیڕەوکردنی ڕێبازی پراگماتیکی دەبرێت؟ توانستی پراگماتیکی چۆن بەرهەمدێت؟ لەڕێگەی چ جۆرە تەکنیک لە پۆلدا بەرهەمدێت؟ بۆچی کۆمەڵێک ڕەهەندی پراگماتیکی لە بونیادی یارییە زمانییەکاندا خۆیان حەشارداوە؟ چۆن ئەو ڕەهەندانە دەستنیشاندەکرێن؟

## ١-پەیوەندیی زمانەوانیی پەروەردەیی بە پراگماتیک

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمانەوانیی پەروەردەیی و پراگماتیکدا هەیە و تەواوکەری یەکترن، زمانەوانیی پەروەردەیی پشت بە پراگماتیک دەبەستێت لە فێرکردنی زمان بە شێوەیەکی کاریگەر و باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی.

### ١-١- زمانەوانیی پەروەردەیی و پرۆگرامی فێرکردنی زمان:

زمانەوانیی پەروەردەیی وەکو بوارێک لە بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی، ((زانستێکە لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی فێرکردنی زمان و تەکنیکەکانی و شێوازەکانی ڕێکخستنی بارودۆخی فێربوون دەکات، زمانەوانیی پەروەردەیی بە بوارێکی نێوان زانستەکان دادەنرێت، کە کار لەسەر ئاوێتەکردنی زانیاریی نێوان زانستەکانی زمان و پەروەردە دەکات، ڕۆنان و پەیوەندیکردن بەیەکەوە گرێدەدات و فێرکردن لەسەر بنەمای توانستەکان بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی ئەم زانستە دادەنرێت)). (الشمس،٢٠٢١: ٢٩) زمانەوانیی پەروەردەیی بەشێوەیەکی سەرەکی توێژینەوە لەو کێشە و بابەتە پەروەردەییانە دەکات، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە، بۆیە لەڕێگەی پەیڕەوکردنی شێوازی جیاواز لە وانەوتنەوەدا، کار لەسەر چۆنیەتی فێربوونی زمان و کوالێتییەکەی دەکات، هەموو هەوڵێکی ئەم زانستە بۆ ئەوەیە، کە جگە لە کەرستەکانی زمان، فێرخواز فێری کارامەییەکانی زمانیش بکرێت.

زمانەوانیی پەروەردەیی کار لەسەر پەرەپێدانی پرۆگرامی فێربوون و فێرکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتییەکەی دەکات، بەگرتنەبەری ئەم ڕێکارانە:

١- لەسەر بنەمای وانەوتنەوە بەپێی کارامەییەکان، شێکاری زمانەوانی بۆ بابەتەکانی دەرەوە و ناوەوەی زمان بکرێ.

٢- لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی فێرکردندا تەمەن، قۆناغی خوێندن، کاتی تەرخانکراو و ئامانجی پەروەردەیی لەبەرچاوبگیرێت. (الشمس،٢٠٢١: ٣٥) لەوەدەچێت زمانەوانیی پەروەردەیی لە دەستنیشانکردنی ئەم ڕێکارانە سودی لە ڕێبازی پراگماتیکی وەرگرتبێت، چونکە پەیڕەوکردنی ڕێبازی پراگماتیکی، لە فێرکردنی زماندا، ((بۆتە پێویستییەکی هەنووکەیی و بەو ڕێکارە جێگرەوەیە دادەنرێت، کە گەرەنتی بەرەوپێشچوونی ئاستی فێرخوازانی زمان دەکات و جەخت لەسەر فێرکردنی زمان بەشێوازێکی پراکتیکی دەکاتەوە)). (بوفناز و بوکلوة، ٢٠٢٣:١٢٠) ئەمەش پێچەوانەی ڕێبازەکانی پێشووە، کە فێرکردنی زمانیان لە فێرکردنی یاساکانی زمانەوانی و پێکهاتە ڕێزمانییە دیاریکراوەکان چڕکردۆتەوە، کەواتە لەسایەی ئەم ڕێبازەوە ئامانجی فێرکردنی زمان لە تەنیا گرنگیدان بە فێرکردنی یاساکانی زمان، گۆڕاوە بۆ گرنگیدان بە فێرکردنی یاسا و کارامەییەکانی بەکارهێنانی زمان بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن و ئاستی زانستی فێرخوازان.

١-٢- میکانزمەکانی زمانەوانیی پەروەردەیی لە فێرکردنی زماندا:

زمانەوانیی پەروەردەیی وەکو بوارێکی تایبەت بە فێرکردنی زمان، لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا جەخت لەسەر ئەم میکانزمانە دەکاتەوە:

١-هەڵبژاردنی ستراتیژێکی باش و کاریگەر لە وانەوتنەوەدا.

٢-گرنگیدان بە چەمکە گرنگەکانی لە پرۆگرامی خوێندن، بەتایبەتی ئەو چەمکانەی ئامانجی وانەکەن.

٣- پشت بەستن بە زمانێکی سەرنجڕاکێش و شێوازێکی ڕوون، کە واقیعی فێرکردنەکە دەیسەپێنێت، (الشمس،٢٠٢١: ٣٥) کە مەست لێی ئەو زمان و شێوازەیە فێرخواز ڕۆژانە پێویستی پێدەبێت، بەڵام دەبێ ئەم میکانزمانە لەڕێگەی پەیڕەوکردنی شێواز و تەکنیک و ڕێگا تازەکانی وانەوتنەوەی وەک: (گروپات، یاریکردن، وروژاندنی مێشک، چارەسەرکردنی کێشە، دیالۆگی سوکراتی...) لە فێرکردنی زماندا جێبەجێبکرێت کە فێرخواز تێیدا سەنتەربێت و فێرکردنی زمان بەدەوروبەرەوە ببەستێتەوە.

١-٣-پراگماتیک:

پراگماتیک زانستی بەکارهێنانی زمانە، کە هەوڵدەدەین لە ڕێگەیەوە بەو واتایە دروستە بگەین، کە لەگەڵ دەوروبەرەکەدا دەگونجێت. (تۆماس) پراگماتیکی بە زانینی سیستەمی پراگماتیک و توانای بەکارهێنانی سیستەمەکە و توانای تێگەیشتنی مەبەستی قسەکەر و توانای بەرهەمهێنانی گوتارێکی گونجاو پێناسەکردووە. (حمو الحاج، ٢٠١٥: ٦٤) پراگماتیک بە یەکێک لە تیۆرە کاریگەرەکانی بواری شیکردنەوەی زمانەوانی دادەنرێت، چونکە جگە لە لێکۆڵینەوە لە فۆرمی زمان، بەرەو واتا یان ناوەڕۆکیش هەنگاودەنێت، تەنانەت واتای سیمانتیکیش تێدەپەڕێنێت، لە پەیوەندیی نێوان هێما زمانییەکان و وەرگر، یان وەرگر و ئەو دیاردە دەروونی و ژیاریی و کۆمەڵایەتییانەی کە هاوڕێی بەکارهێنانی ئەو هێمایانەن دەکۆڵێتەوە، بەدەر لەمانە پراگماتیک جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و شێوازی پەیوەندیکردنەکە و پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر و ڕۆڵی ئەو

پەیوەندییە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەکاتەوە. (عبدالقادر ، ٢٠١٨: ١٦٩- ١٧٠) پراگماتیک کە بە دەرەنجامی ڕەوتە زمانەوانی و فەلسەفییەکانی پێش خۆی دادەنرێت، بەوە ناسراوە، کە تایبەتە بە توێژینەوە لە بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندیکردن و بەدەسهێنانی مەعریفەدا، بۆیە لە چوارچێوەی هەر کردەیەکی پەیوەندیکردندا گرنگی بە لەیەکترگەیشتن و ئەو دیاردانە دەدات، کە کاریگەری لەسەر پەیوەندیکردنەکە دروستدەکەن.

١-٣-١-سودەکانی ڕێبازی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا:

توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەیان سەلماندووە، کە پەیڕەوکردنی ڕێبازی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا، ئەم سودانەی لێکەوتۆتەوە:

١-کات و ماندوبوونی کەمتری پێویستە. ٢-دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری و یاساکانی گوتار. ٣-لە ڕێگەی کارلێکەوە سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردنی نێوان مامۆستا و فێرخواز مسۆگەردەکات. ٤- فێرخواز لەڕێگەی شێواز و تەکنیکە تازەکانی وانەوتنەوە توخمە ڕێزمانییەکان بەباشی فێردەبێت. ٥- گێڕانەوەی سەرنجی فێرخوازان بۆ سەر بابەتە ڕەوانبێژییەکان، لەڕێگەی لێکدانەوەی بابەتەکان لەچوارچێوەی دەورووبەردا. (بوفناز و بوکلوة، ٢٠٢٣: ١٢١) ئەم سودانە وایکردووە، بڵێین پەنا بردن بۆ ڕێبازی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا، هەوڵێک بووە بۆ چارەسەری ئەو کەموکوڕییانەی لە ڕێبازی بونیادگەری و ڕێزمانی گوێزانەوەدا هەبوون، کە زیاتر فێرخوازیان بە فێرکردنی ڕێزمان و لێکدانەوەی فۆرمی زمانەوە دوور لە دەوروبەر سەرقاڵکردووە، کەچی لەڕوانگەی پراگماتیکەوە زمان دەربڕینی هەست و کردەیەکی پەیوەندیکردنە، بەڵام لەژێر کاریگەری دەوروبەردایە، بۆیە دەبێ توانستی بەکارهێنانی زمان لای فێرخواز لە دەوروبەردا گرنگی پێبدرێت، کە دواتر بەنموونەوە ڕوونیدەکەینەوە.

١-٣-٢-توانستی پراگماتیکی :

داوی ئەوەی(هایمز) لە ساڵی (١٩٧٢) توانستی پەیوەندیکردنی وەکو مۆدێلێکی زمانەوانییە ئەرکی پێشنیارکردووە، دواتریش لە ساڵی(١٩٩٠) چەمکی توانستی پراگماتیکی لەلایەن (باگمان)ەوە پێشنیارکراوە، توانستی پراگماتیکی جگە لە زانیاری بەکارهێنانی زمان، زانیاری دەربارەی زمان و دیاردە پراگماتیکییەکان دەگرێتەوە. (حمو الحاج، ٢٠١٥: ٦٤) بەبڕوای (تۆماس) توانستی پراگماتیکی، توانای بەکارهێنانی زمانە بە شێوەیەکی کاریگەر، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و تێگەیشتن لە زمان بەپێی دەوروبەر. (القحطانی، ٢٠١٧: ٢٥-٢٦) لەم بارەوە (هایمز) جەختی لەوە کردۆتەوە، کە هەبوونی توانستی پراگماتیکی، گوزارشتە لەوەی کە فێرخواز توانای دەربڕینی شێوازی ڕێزمانی دروست و شێوازی گونجاو لەگەڵ دەورووبەرەکەی هەبێت. (حمو الحاج، ٢٠١٥: ٦٧) سەبارەت بەوەش کە توانستی پراگماتیکی لە چەند جۆرە توانست پێکدێت، بە بڕوای (بیالیستۆک) و (تۆماس) لە دوو جۆر توانست پێکدێت:

١-توانستی پراگماتیکیی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە زانیاری بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەری جیاوازدا.

٢- توانستی زمانەوانیی پراگماتیکی: بریتییە لە زانینی دیاردە زمانەوانییەکان و ئامرازە جیاوازەکانی بەکارهێنانی ئەم دیاردانە. (سەرچاوەی پێشوو ٢٠١٥: ٦٤) بەگوێرەی ئەم دابەشکردنە توانستی پراگماتیکی دەبێتە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکانی

توانستی پەیوەندیکردن. (القحطانی ٢٠١٧: ٢٣) ئەم بۆچوونانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەدەستهێنانی توانستی پراگماتیکی لەلایەن فێرخوازانی زمانەوە، پێویستییەکی حەتمییە و بەمانای ئەوە دێت، کە فێرخواز شارەزایی تەواوی دەربارەی بەکارهێنانی زمان و ڕەهەندە پراگماتیکییەکان و لێکدانەوەی ئەم ڕەهەندانەی لە دەق و گوتاردا بەدروستی هەبێت.

### ١-٣-٣- ئامانجی فێربوونی توانستی پراگماتیکی لەپۆلدا:

بەبڕوای توێژەرانی ئەو بوارە گرنگیدانی زمانەوانیی پەروەردەیی بە ئاراستەیەکی پراگماتیکی لە فێرکردنی زماندا، چەندین ئامانجی لە دواوەیە، کە سەرەکیترینیان بریتییە لە: ((چاندنی یاساکانی زمان لە مێشکی فێرخوازدا، لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی دەربڕینەکانی زمانەکە لە دۆخێکی ڕاستەقینەدا))، (بصول٢٠٢٣: ١٤٠) لەم ڕوانگەیەوە ئامانجی فێربوونی توانستی پراگماتیکی لە پۆلدا، بریتیدەبێت ((لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری توانستی پراگماتیکی فێرخوازان لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دابینکردنی بژاردەی گونجاو، تا لە کاتی بەشداریکردنیان لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریبهێنن، نەوەک هەر پابەندبن بە هەندێ دەربڕینی تایبەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پۆل بە شوێنێکی گونجاو دەزانرێت، بۆ ئەوەی فێرخوازان تێیدا فێری میکانزمەکانی پراگماتیک و جێبەجێکردنیان ببن، بۆ نموونە دەتوانن لەناو پۆلدا فێری چەندان دەربڕینی وەک سڵاوکردن و چۆنیەتی دەستکردن و کۆتاییهێنان بە گفتوگۆ... ببن)). (القحطانی ٢٠١٧: ٣١) بەپێی ئەم بۆچوونانە ئامانجی فێربوونی توانستی پراگماتیکی لە پۆلدا، خۆی لە کۆمەڵێک زانیاریی پراگماتیکی دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی فێرخواز ڕاستەوخۆ لەپۆلدا بیانخوێنێت، لەوانە: گەشەدان بە درککردن و ناسینەوەی ڕەهەندە پراگماتیکییەکان لە بەکارهێنانی زمان و بەرزکردنەوەی توانای فێرخواز لە هەڵبژاردنی دەربڕینێکی گونجاو بۆ هەر چالاکییەکی پەیوەندیکردن و لێکدانەوەی مەبەستی ئاخاوتن بەپێی دەورووبەر.

### ١-٣-٤-تەکنیکەکانی بەدەستهێنانی توانستی پراگماتیکی لەپۆلدا:

بۆ ئەوەی فێرخواز بتوانێت بە زمانی ئامانج و بە سەرکەوتوویی پەیوەندیکردن ئەنجامبدات، پێویستی بە بەدەستهێنانی توانستی پراگماتیکیی هەیە لەپۆلدا، ئەم تەکنیکانەشی کە یارمەتیدەرن لە بەدیهێنانی ئەم توانستە، بریتین لە:

١-گرنگی بە فێرخواز بدرێ و بکرێ بە سەنتەر و هاوبەش لە پرۆسەی فێرکردن-فێربووندا.

٢- ڕەخساندنی ژینگەیەکی زمانەوانی لەبار و ڕاستەقینە یان نیمچە ڕاستەقینە، کە تێیدا فێرخواز بەشێوەی (قسەکردن، نووسین، خوێندنەوە، گوێگرتن) کارلێک لەگەڵ زمانی ئامانجدا بکات، (مصلوحي ٢٠٢١: ٣٧٢) ئینجا ئەگەر ئەم دوو تەکنیکە لەڕێگەی ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەر یارییە زمانییەکان جێبەجێبکرێت، بێگومان ئەوە چاوەڕوانی ئەنجامی باشتری لێدەکرێت.

### ١-٣-٥-کەی فێرخواز پێویستی بە گەشەدان بە توانستی پراگماتیکی دەبێت؟

توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان بەوە داوە، کە پشتبەستن تەنیا بە فێربوونی زمان، هۆکارە بۆ ئەوەی جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان توانستی پراگماتیکی فێرخوازانی زمانی دایک و زمانی دووەمدا دروستبێت، یاخود جیاوازی لە نێوان ئاستی توانستی

فێرخوازانی زمانی دووەمدا هەبێت، بوونی ئەم جیاوازیە، وادەکات فێرخواز پێویستی بە گەشەدان بە توانستی پراگماتیکی هەبێت، لە بوارەکانی: بەکارهێنانی زمان، بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە هەندێک کردەی قسەیی، جێبەجێکردنی ئەرکەکانی زمان، بەڕێوەبردنی گفتوگۆ. (القحطانی ٢٠١٧: ٢٩-٣٠) لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێن، پێویستە فێرخواز لەکاتی ڕاهێنان لەسەر یارییە زمانییەکان لەپۆلدا گرنگی بەو زانیارییانە بدات، کە یارمەتیدەدەن، بۆ ئەوەی تێبگات، کە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا چی گونجاوە و چی نەگونجاوە بۆ گوتن.

٢-یارییە زمانییەکان و ڕۆڵیان لە فێرکردنی زماندا

یارییە زمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە فێرکردنی زماندا دەبینن، بۆیە هەوڵدەدەین لێرەدا باسی جۆر و چۆنیەتی داڕشتن و بەکارهێنانی یارییەکان بکەین.

٢-١-یارییە پەروەردەییەکان:

چەمکی یارییە پەروەردەییەکان وەکو ئامرازێکی بواری پەروەردە و فێرکردن کە کۆمەڵێک یاری جۆراوجۆری پەروەردەیی لەخۆدەگرێت، بەوە پێناسە کراوە، کە((چالاکییەکی ڕەفتارییە، پەرە بە توانا دەروونی و جەستەیی و ویژدانییەکانی فێرخواز دەدات، هاوکات تێکەڵ بەکۆمەڵگای دەکات و جگە لە کات بەسەربردن سودیشی پێدەبەخشێت)). (عبدالقادر ٢٠١٨: ٢٠٣) هەروەها سەبارەت بەو ڕۆڵەی یارییەکان لە پرۆسەی گەشەی دەروونی منداڵدا دەیبینن، دەروونناسی بەناوبانگ (ژان پیاژێ) دەڵێت: ((یاریکردن بە پلەی یەکەم ئامرازێکە بۆ فێربوون، دەروونی منداڵ گەشە ناکات، لەڕێگەی یاریکردنەوە نەبێت، لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی تواناکانی فێربوون)). (بوجمعة ،٢٠٢٣: ٩٤) بەدەر لەوەی یاریکردن ئامرازێکی پەروەردەییە و کار لەسەر بەدەسهێنانی زانیاری دەکات، ئامرازێکی کۆمەڵایەتیشە، بەشدارە لە بونیادی کەسایەتی منداڵ و یارمەتیدەدات لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا کارلێکبکات و خۆی بگونجێنێت.

٢-٢-چەمک و پێناسەی یارییە زمانییەکان:

یارییە زمانییەکان کە بەشێکن لە یارییە پەروەردەییەکان و تایبەتن بە فێرکردنی کارامەییەکان زمان، لەلایەن توێژەرانەوە پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە:

١-یارییە زمانییەکان بریتین لەو چالاکییانەی ناو پۆل، کە لە کاتی فێربوونی کەرستەکانی زمان (دەنگەکان، وشە، پێکهاتەکان) چێژ و جۆشوخرۆش بە فێرخواز دەبەخشن و لە چوارچێوەی ئەو یاسانەی کە بۆیان دیاریکراوە، لە ژێر چاودێری مامۆستادا ئەنجامدەدرێن. (Öğr. 2020:89 )

٢- بەبۆچوونی (فلۆوەر -Flower)، یارییە زمانییەکان جۆرێکن لە یاریکردن، لە دەربڕینیاندا هێما و دەنگ و وشە بەکاردەهێنرێن، لەسەر بنەمای یاریکردن بە وشەکان و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەنگ و داڕشتنی ڕستە بونیاددەنرێن. (الصویرکي،٢٠٠٥: ٢٧)

٣-یارییە زمانییەکان چالاکیەکی پەروەردەیی ڕێکخراوە، کە تیایدا فێرخوازان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن، کێبڕکێ بە گرنگترین هۆکاری ئەم کارلێکە دادەنرێت. (عبدالقادر٢٠١٨: ٢٠٣)

لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی وردی ئەم پێناسانەی سەرەوە، دەکرێ بڵێین، یارییە زمانییەکان کۆمەڵێک چالاکیی زمانەوانی چێژبەخش و ڕێکخراون، کە مامۆستا لەسەر بنەمای کێبڕکێ ئامادەیان دەکات،

لە لایەن فێرخوازانیشەوە بە ئامانجی گەشەدان بە کارامەییەکانی زمان بە شێوازێکی پەروەردەیی سەرنجراکێش ئەنجامدەدرێن، ئەم یارییانە تێکەڵ بە پرۆسەی فێربوونی زمان دەکرێن و ژینگەیەکی فێرکردنی نزیک لە واقیعی ژیانی ڕۆژانە بۆ فێرخواز دەڕەخسێنن، بۆیە ڕۆڵێکی کاریگەر لە فێرکردنی کەرستەکانی زمان و کارلێکی فێرخواز لەگەڵ ناوەڕۆکی وانەکە و ژینگەی دەوروبەردا دەبینن، بڕوانە:(٢-١) و (٣-٢).

## ٢-٣-پـێـوەرەکـانـی هـەڵـبـژاردنی یارییە زمانییەکان:

بۆ ئـەوەی یـاریـیـە زمـانـیـیـەکـان کـاریـگـەری لەسەر فێرخواز دروستبکەن، پێویستە مامۆستا لە کاتی هەڵبژاردنی هەر یارییەکدا ئەو پێوەر و تایبەتمەندییانە لەبەرچاو بگرێت:

١-لەگەڵ ئاستی زانستی فێرخوازاندا بگونجێت. ٢- زۆرترین ژمارەی فێرخواز بەشداری تێدابکات.٣-گەشەی زیاتر بە کارامەییەکانی زمان بدات. ٤-لەگەڵ ناەڕۆکی وانەکەدا بگونجێت. ٥- وروژێنەر و چێژبەخش و کاریگەربێت. ٦-کێبڕکێ دروستبکات. (عبدالعزیز،١٩٨٣: ١٧-١٨) ٧- پەیوەندی بە ئامانجە پەروەردەییەکەوە هەبێت. ٨- ئامانجی یارییەکە ڕوون و دیاریکراوبێت. (الصویرکي،٢٠٠٥: ٢٩) ٩-یاساکانی جێبەجێکردنی یارییەکە سادە و ڕوونبن. ١٠-لەگەڵ ژمارەی فێرخوازان و ژینگەی پۆلدا بگونجێت. Hanifah 2012:286))

## ٢-٤-گرنگی یارییە زمانییەکان لە فێرکردنی زماندا:

هەستکردن بە گرنگی یارییە زمانییەکان لە فێرکردنی زماندا، وای لە توێژەران کردووە، کە چەندان توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ئەم یارییانە لە بەدەستهێنانی زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی وەکو زمانی یەکەم یان فێربوونی زمانی دووەم ئەنجامبدەن. (الصویرکي،٢٠٠٥ :٣٥-٤١) زۆرێک لەو توێژەرانە پێیانوایە، یارییە زمانییەکان لە فێربوونی زماندا ڕۆڵی گرنگ دەبینن، لەوانە:

١-فێرخواز دەکەن بەسەنتەر و مامۆستاش بە سەرپەرشت. ٢- فێرکردن بە ژینگەی دەوروبەرەوە گرێدەدەن. ٣-گرنگی بە کاری گروپات و بەشداریکردنی فێرخواز و فێرکردنی کارامەییەکانی زمان بەشێوازێکی پراکتیکی دەدەن.(البري ،٢٠١١: ٣) ٤-لەڕێگەی چالاکی هەمەجۆر فێربوون ئاسان و جێگیردەکەن. ٥-توانای هزری و بەهرەی داهێنانی فێرخواز چالاکدەکەن. ٦-گەشە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و جوڵەیی دەدەن. ١٠- زمان لە پەیوەندیکردنە جۆراوجۆرەکاندا چالاکدەکەن. ١١- وشکی بابەتەکە و بێزاری فێرخواز کەمدەکەنەوە. Öğr.2020:90))

## ٢-٥-سودی یارییە زمانییەکان:

ئەگەرچی فێربوونی زمان کارێکی ئاسان نییە، کەچی توێژینەوەکان ئاماژەیان بە چەندان سودی ئەم یارییانە لە فیرکردنی زمان داوە، کە بریتین لە:

١-توانای پەیوەندیکردن و داهێنان و سەرنجدانی فێرخواز بەهێز دەکەن. ٢- ئارەزوی بەشداریکردن و پاڵنەرەکانی فێربون لای فێرخواز زیاددەکەن. ٣-کارامەییەکانی زمان تێکەڵ بەیەکتر دەکەن. ٤-ژینگەیەکی فێرکاری هـەرەوەزی دروستدەکەن. (بوجمعة،٢٠٢٣: ٩٦-٩٧) ٥-هـەردوو کـردەی فێربوونی زمـان و کـات بـەسـەربردن بەیەکەوە گرێدەدەن. ٦-پەرە بە توانا معریفی و کارامەییە زمانییەکانی فێرخواز دەدەن. ٧-هەر پێنج هەستەکە لە پرۆسەی فێرکردندا بەشداری پێدەکەن. ٨- توانا

و بەهرە کەسییەکان ئاشکرادەکەن. ٩- ئارەزوی فێرخواز بۆ کارلێک لەگەڵ هاورێکانی زیاددەکەن. (عبدالعزین،١٩٨٣: ٧٣) ١٠- شەرم و دڵەڕاوکێ و گۆشەگیری فێرخواز دەڕەوێننەوە.

٢-٦-قۆناغەکانی جێبەجێکردنی یارییە زمانییەکان لە پۆلدا:

١-قۆناغی دیاریکردنی ئامانج: واتە دیاریکردنی ئەو کارامەییانەی، کە مامۆستا هەوڵدەدات، فێرخوازانی فێربکات.

٢-قۆناغی هەڵبژاردن و دیزاین کردنی یارییەکە: مامۆستا ئەو یارییانە هەڵدەبژێرێت، کە بۆ فێرکردنی ناوەڕۆکی وانەکە گونجاون.

٣- قۆناغی ئامادەکردنی یارییەکان: لەم قۆناغەدا مامۆستا بەپێی یارییەکە پۆلەکە ڕێکدەخات و ئامراز و کەرستەکانی یارییەکەش ئامادەدەکات.

٤- قۆناغی وتنەوەی وانەکە: لەم قۆناغەدا مامۆستا ڕۆڵی سەرپەرشتیکردن دەبینێت، بەڵام لەکاتی پێویستدا دەستوەردان دەکات.

٥- قۆناغی هەڵسەنگاندن: ئەم هەڵسەنگاندنە بە دوو هەنگاو ئەنجامدەدرێت:

یەکەم- هەڵسەنگاندنی سەرەتایی: لە کاتی یاریکردندا مامۆستا تێبینی و هەڵەکانی فێرخوازان تۆمار دەکات و ڕێنماییان دەکات.

دووەم-هەڵسەنگاندنی کۆتایی: دوای تەواوبوونی یارییەکە مامۆستا دەگاتە ئەنجامی کۆتایی و بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر ئاستی فێربوون و بەکارهێنانەوەی ئەو زانیارییانە لە دەوروبەری تردا دەدات. (Öğr. 2020:92 )

٢-٧-ئەرکی مامۆستا لە جێبەجێکردنی یارییە زمانییەکاندا:

بەدەر لەوەی مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی پۆل و ئامادەکردنی یارییە زمانییەکان بەپێی پێداویستی فێرخواز دەبینێت، کۆمەڵێک ئەرکی تریشی هەیە، لەوانە:

١-پلانێکی تێروتەسەل بۆ ئەنجامدانی یارییەکە دابنێت. ٢-یاساکانی ئەنجامدانی یارییەکە بۆ فێرخوازان ڕوونبکاتەوە. ٣- شارەزایی تەواوی لەسەر ئەنجامدانی یارییەکە هەبێت. ٤-لەکاتی پێویستدا دەستوەردان بکات و هاوکاری فێرخوازان بکات. ٥-هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی فێربوونی فێروخوازان و کاریگەریی یارییەکان بکات. ٦-هەڵبژاردنی یارییەک لەگەڵ ئاستی فێرخوازان و ژینگەی پۆل و ئامانجی وانەکە بگونجێت. ٧-ناوی براوە و کاتی دەستپێکردن و کۆتایی بۆ هەر یارییەک دیاریبکات. ٨-فێرخوازان بۆ یارییەکە ئامادەبکات و بەشداری بە سەرجەمیان بکات. ٩-یارییەکان بە ژینگەی فێرخوازەوە ببەستێتەوە. ١٠-فێرخوازان هانبدات، تا متمانەیان بەخۆیان بێت. (عبدالعزیز١٩٨٣: ٣٥) ١١- دەتوانێت بەپێی پێویستی فێرخوازان دەستکاری یارییەکان و یاسای یارییەکان بکات، یان یاری نوێ دابڕێژێت. ١٢- بەپێی یارییەکە پۆلەکە ڕێکبخات.

٢-٨-ئەرکی فێرخواز لە ئەنجامدانی یارییە زمانییەکاندا:

لەم پرۆسەیەدا فێرخواز ئامانجە و ئەم ئەرکانە دەبینێت:

١-بەرپرسە لە فێربوونی خۆی. ٢- کارەکتەری سەرکییە لە ئەنجامدانی یارییەکاندا. ٣-توانا و بەهرەی خۆی بۆ دەردەکەوێت. ٤-بە یاساکانەوە پابەندبێت. ٥- ڕۆڵی فێرخواز لە هەڵگرتنی زمانەوە، دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنەری زمان . ٦- باشتر فێری زمانەکە دەبێت، چونکە بە کرداری فێریبووە، نەوەک بە تیۆری.

٢-٩-ڕەهەندی پراگماتیکی لە یارییە زمانییەکاندا

یارییە زمانییەکان سروشتێکی پراگماتیکیان هەیە و لە پشتیانەوە چەندین ڕەهەندی پراگماتیکی جیاواز خۆیان حەشارداوە، لەوانە:

٢-٩-١-تـیـۆری کردە قسەییەکان(Speech acts):

تیۆری کردە قسەییەکان بە کرۆکی پراگماتیک دادەنرێت، دەشێ کردەی قسەیی بەو کردارە پێناسە بکەین، کە قسەکەرێک بە گوتن ئەنجامی دەدات. (Yule,2010:130) کردە قسەیی پرۆسەی گۆڕینی گوتەی زمانیە لە دەوروبەری جیاواز بۆ کردەی جیاواز، جەخت لە مەبەستی قسەکەر و ئەنجامدانی کردەکە دەکات.بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان ئەرکی ڕستەکانی هەواڵدان و زانیاری تەنیا هەواڵدان نییە، بەڵکو دەشێ بەپێی دەوروبەر و مەبەستی قسەکەر جگە لە هەواڵدان بۆ ڕاپەڕاندنی کردەی جیاواز لە شێوەی فەرماندان، نارەزایی، هەڕەشەکردن... بەکاربهێنرێن.

ئۆستن چەند جۆرێک کردەی قسەیی دەستنیشانکردووە، لەم دابەشکردنەیدا هەمیشە کرداری کردووە بەسەرچاوە، کردەکانیش ئەمانەن:

١-کردەی قسەیی ڕاپەڕاندن: ئەو جۆرە وتنانە دەگرێتەوە، کە خودی وتنەکە بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی و ڕاپەڕاندنی کردەیێک، کە زیاتر کردەی(بەڵێن، پەیمان، سوێندخوارن، سوپاسکردن، بڕیاردان...)دەگرێتەوە، وەک: بەڵێندەدەم، هەرگیز لەبیرت نەکەم.

٢-کردەی قسەیی ڕانەپەڕاندن: لە کرداری ڕانەپەڕاندندا قسەکەر ڕاستەوخۆ کردەکە ئەنجامنادات، ئەم جۆرە کردانە زیاتر مەبەستەکانی (سزادان، هیوا و کۆشش و هەواڵدان...)دەگەیەنن، (محمد،٢٠١٢: ٦٧-٧١) وەک: هیوادارم، بەئاوات بگەیت.

٣- کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:

لەم جۆرە کردەیەدا مەبەستی کردەکە و مەبەستی قسەکەر هەمان شتن، وەک: پەرتووکەکانتان دەربهێنن.

٤- کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ:

لەم جۆرە کردەیەدا مەبەستی کردەکە و مەبەستی قسەکەر یەکناگرنەوە، دەکرێ گوێگر لەرێگەی بنەماکانی هاریکارییەوە بە مەبەستی قسەکەر بگات. (نحلة،٢٠٠٢: ٥٠-٥١) واتە جیاوازی هەیە لەنێوان جۆری ڕستەکە و مەبەستی ڕستەکە، مەبەستەکە بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت، بۆ نموونە ڕستەی(کێشەکەی تۆ هەر تەواونەبوو؟) ڕستەیەکی پرسە، بەڵام مەبەستی قسەکەر پرسیار نییە، بەڵکو نارەزایەتی دەربڕینە.

دەکرێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم جۆرە کردانە، لێکدانەوە بۆ ئەم یارییە زمانییانەی خوارەوە و سودی یارییەکان بۆ فێرخواز بکەین:

١-ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە، پاشان بیانگۆڕە بۆ شێوازی داخوازی و فەرماندان.

-بەیانیان زوو وەرزش دەکەین.

-ئەوان ڕێز لە دایک و باوکیان دەگرن.

٢- یاریی دارشتنی وشە و ڕستە: بۆ هەر یەک لەم پیتانە(ڕ، ش، د) وشەیەک دابڕێژە، بەمەرجێک پیتەکان لەسەرەتای وشەکان بەکارهاتبن، دواتریش لە وشەکان ڕستەیەکی فەرماندان دابڕێژە، بەڵام مەبەستی هەڕەشەکردن بگەیەنێت، بۆ نموونە:

-ق ، ز ، م ← قسەی زیاد مەکە.

٣-مەبەستی ئەم پەند و ئیدیۆمانە لێکبدەرەوە:

-دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

- ئاسنی سارد دەکوتێت.

٤-ئەم دەقە بخوێنەوە، پاشان وەڵامی داواکارییەکانی خوارەوە بدەرەوە:

(کاتێ ڕژێمی بەعسی ڕوخاو شاری هەڵەبجە و دێهاتەکانی کوردستانی کیمیاباران کرد، هەر بەتەنها گەلەکەی کۆمەڵکوژ نەکرد، بەڵکو شار و دێهاتەکان ئەو ناوچانەشی وێرانکرد و دابونەریت و کلتوری دانیشتوانەکەشی لەناوبرد...).

١-ناونیشانێک بۆ دەقەکە پێشنیاربکە. ٢-ناوەڕۆکی دەقەکە بەکورتی باسبکە. ٣-بەکورتی مەبەستی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەقەکە دەستنیشانبکە. ٤- لەڕوانگەی دەوروبەرەوە واتای کەرستەکەکانی ناو دەقەکە لێکبدەرەوە...

٥- ئەم ڕستانە بخوێنەوە، پاشان ئەم وەڵامانە دیاریبکە، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕستەکەدا ناگونجێن:

-هەموو کارێکی گران بە........ ئاساندەبێت.

(دووبەرەکی، هەرەوەزی، هەوڵدان، نووستن)

٦-ئەم دەربڕینانەی خوارەوە بۆ چ مەبەستێک بەکاردێن:

ئاساییە کەمێک لەکاتت بگرم؟ چۆن یارمەتیت بدەم؟ دەتوانم پەیوەندیتان پێوە بکەمەوە؟

لە ڕوانگەی کردە قسەییەکانەوە بەگشتی ناونیشانی یارییەکان کردەیەکی قسەیی ڕاستەوخۆن و لەشێوەی فەرماندان، بۆیە هەر دوای خوێندنەوەی ناونیشانەکان ڕاستەوخۆ یارییەکان لەلایەن فێرخوازانەوە جێبەجێدەکرێن، بەڵام ناوەڕۆکی یارییەکان لە پاڵ مەبەستە ڕاستەوخۆکەیان هەندێجار مەبەستێکی ناڕاستەوخۆ لە شێوەی (ئاگادارکردنەوە، بەبیرهێنانەوە، درککردن و ناسینەوەی زانیارییەکان) لەخۆدەگرن، چونکە مەبەستی سەرەکی یارییەکان تەنیا فێرکردنی کارامەییەکانی زمان نییە، بەڵکو فێرکردنی بەکارهێنانی کارامەییەکانی زمانە، وەک ئەوەی لەم نموونانەی سەرەوە بەدیدەکرێت، لە نموونەی یەکەم و دووەمدا فێرخواز فێری ناسینەوە و جیاکردنەوە شێوازەکانی دەربڕین، چۆنیەتی داڕشتنی وشە لە پیتەکان و لێکدانی وشەکان لە داڕشتنی ڕستەدا بۆ دەربڕینی مەبەستی جیاواز بەپێی دەوروبەر. لە نموونەی سێیەمدا فێری لێکدانەوەی ئەو مەبەستە شاراوانە دەبێت، کە لەپشت پەند و ئیدیۆمەکانەوە بە ناڕاستەوخۆ دەربڕاون. لە نموونەی چوارەمدا بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر، فێری هەڵێنجانی واتا و مەبەستی دەق و کەرستەکانی دەبێت. لە نموونەی پێنجەم و شەشەمیشدا فێری درککردن بە گونجانی نێوان کەرستەکانی زمان و مەبەستی بەکارهێنانی کەرستەکان دەبێت، دواجار هەموو ئەو زانیارییانەی فێرخواز دەربارەی کردە قسەییەکان بەدەستیاندەهێنێت، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر گەشەدان بە توانستی پراگماتیکی فێرخواز دەبێت.

## ٢-٩-٢-تیۆری پێشگریمانە (presupposition):

پێشگریمانەی پراگماتیکی کە یەکێکە لە جۆرەکانی پێشگریمانە، پشت بە زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر دەبەستێت. (Levin-son,1997:204) قسەکەر لەکاتی ئاڕاستەکردنی قسەکانیدا گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئەو زانیارییانە لای وەرگر هەیە، بۆیە پێشگریمانە لای ئاخێوەرانە، نەک لە ڕستەکاندا. (Yule ,2000:25) کەواتە پێشگریمانەی پراگماتیکی ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هاوبەشن و دەبنە هۆی لەیەکترگەیشتن، ئەو زانیارییانە لە دەوروبەری قسەکردن، یان لە پێکهاتەی قسەکردن هەڵدەهێنجرێن، لەگەڵ گۆڕانی دەوروبەریشدا دەگۆڕێن.

لەبواری فێرکردنیشدا ئەگەر زانیاریی پێشینەی فێرخواز نەکرێت بە بنەما، ناتوانرێت فێری زانیاریی

نوێ بکرێت. (صـحـراوي،٣٢:٢٠٠٥) جگە لەمانە دەکرێ بڵێین بڕیاری هەڵبژاردنی یارییە زمانییەکان بۆ فێرکردنی زمان لەسەر بنەمای پێشگریمانە دراوە، چونکە وا پێشبینی کراوە، کە ئەم یارییانە وەکو میکانزمێکی جێگرەوە فێربوونی زمان لای فێرخواز ئاساندەکەن، هەروەها هەڵبژاردنی جۆری یارییەکان و ناوەڕۆکەکانیان و گونجانی یارییەکان لەگەڵ تەمەن و ئاستی تێگەیشتنی فێرخوازان دیسان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنەی مامۆستا ڕۆژانە بۆ فێرخوازان دەیکات، گریمانە دەکات فێرخوازان پێویستیان بە ڕاهێنان لەسەر ئەم جۆرە یارییانە هەبێت، بۆیە مامۆستا لە هەڵبژاردن و داڕشتنی ئەم یارییانەی خوارەوەدا گریمانەی ئەوەی کردووە، کە فێرخوازان زانیاریی سەرەتاییان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو یارییانە هەیە، بەڵام دەبێ باشتر فێربکرێن:

١-ئەرکی ئەم ئامێرانە بڵێ: هەر یەک لەم ئامێرانە ( پێنوس، فڕۆکە، بەفرگر ...) بۆ چ مەبەستێک بەکاردێن، بە زارەکی ئەرکەکەیان بڵێ.

٢--یاریی کورتە چیرۆک: ئەم ڕستانە بخوێنەوە، پاشان بەشێوەیەکی لۆژیکی لە داڕشتنی چیرۆکێکی کورت ڕێکیانبخەرەوە.

( بـۆیـە خـەڵـکـی لـەم وەرزەدا ئـــارەزووی گـەشـتـوگـوزار دەکـەن، لـە بـەهـاردا سروشتی کوردستان زۆر جوان دەبێت، ئێوارەش جارێکی تر بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژانی پشوو ڕوو لە سەیرانگاکان دەکەن...).

٣-یاریی وشەی نامۆ: چ وشەیەکی نامۆ لەناو ئەم گرووپە وشانەدا هەیە، دەستنیشانیبکە، بۆ نموونە:

-مرۆڤ، کۆمەڵگا، شیر، منداڵ، بەڕێوەبەر.

٤-یاریی بە یەکگەیاندنی چەمک و پێناسەکان: هەر یەک لەم چەمک و پێناسانەی خوارەوە بەیەکتر بگەیەنە:

– ئەندازیار خزمەتی دار و درەخت دەکات.

– باخەوان سەرپەرشتی دروستکردنی خانووبەرە دەکات.

٥- یاریی پیت و وشە:

بۆ هەر یەک لەم پیتانەی ناو خشتەکە پێنج ناو بنووسە، بەمەرجێک ناوەکان بەهەمان پیت دەستپێبکەن:

| پیتەکان | ناوی مرۆڤ | ناوی میوە | ناوی ئاژەڵ | ناوی شار |
|---|---|---|---|---|
| ک | | | | |
| د | | | | |

٦- زۆرترین ژمارەی ئاوەڵناو بنووسە، کە وەسفی هەر یەک لەم ناوانە (زەوی، نەخۆشخانە، منداڵ، میوە، باڵندە) بکەن، بۆ نموونە:

زەوی← خڕە، پانە، گەورەیە، ڕەقە...

### ٢-٩-٣-لێکەوتەی ئاخاوتەیی(implicature):

لێکەوتەی ئاخاوتەیی بریتییە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ئاخاوتن، بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ئاخاوتنەکە دەردەکەون.(فاخوري،١٩٨٩: ١٤٦) واتە گوێگر لە ئەنجامی لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان بەهۆی گەڕانەوە بۆ دەوروبەر، لێکەوتە هەڵدەهێنجێت، بۆیە ((لەگەڵ گۆڕانی دەوروبەر مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێ و لێکەوتەی ئاخاوتنەکەش دەگۆڕێت)).(عکاشة٢٠١٣: ٩٠) خاڵی دەستپێکی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لای گرایس ئەوەیە، کە ئاخێوەران لە گفتوگۆکانیاندا ئەوە دەڵێن، کە مەبەستیانە، لەوانەیە مەبەستیان زیاتربێت لەوەی کە دەیلێن، لەوانەشە مەبەستیان پێچەوانەی ئەوەبێت، کە دەیلێن، بۆیە هەموو هەوڵێکی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان گوتن

و مەبەستی گوتنەکە بووە، بۆ چارەسەری ئەم جۆرە گرفتەش، بیرۆکەی بنەمای هاریکاری لا دروستبوو. (نحلة ،٢٠٠٢: ٣٣) بنەمای هاریکاری بە پرەنسیپێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بەڕێوەبردنی گفتوگۆی نێوان ئاخێوەران دادەنرێت.(عكاشة٢٠١٣: ٩٠) بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی ئاسایی، گرایس چەمکی بنەمای هاریکاری لە چوار بنەمادا دیاریکردووە، کە بریتین لە بنەمای:( چەندێتی، چۆنیەتی، پەیوەندی، شێواز). (Grice,1975:45) بنەمای چەندێتی، واتە بەپێی پێویست بەشداری لە زانیارییەکاندا بکە. بنەمای چۆنیەتی: ئەوە مەڵێ، کە پێتوایە ڕاستنییە، یان ناتوانی بیسەلمێنیت. بنەمای پەیوەندی، بەشداریکردنەکەت پەیوەندی بە ناوەڕۆکی گوتارەکەوە هەبێت. بنەمای شێواز، پەیامەکەت ڕوون و ڕێکخراوبێت. (صحراوي،٢٠٠٥: ٣٣-٣٤) بێگومان جێبەجیکردنی ئەم بنەمایانە پەیوەندیکردن چالاکتر دەکات و یارمەتی وەرگر دەدات، تا ئاسانتر لەواتای مەبەست تێبگات، بەپێچەوانەشەوە لە ئەنجامی بەزاندنی یەکێک، یان زیاتر لە بنەمایەکی هاریکاری لێکەوتەی ئاخەوتەیی دێتەئاراوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی بنەماکانی هاریکارییەوە سەیری یارییە زمانییەکان و پرۆسەی وانەگوتنەوە بکەین، ئەوا بەگشتی بنەماکانی هاریکاری لە کاتی وانەگوتنەوەدا جێبەجێدەکرێت، چونکە مامۆستا لە قۆناغەکانی خوێندنی پێش زانکۆ، بەتایبەتیش قۆناغی سەرەتایی ڕەچاوی ئەوە دەکات، کە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەی ئاراستەی فێرخوازانی دەکات، شێوازەکەی ڕوون و ڕێکخراوبێت، بڕی پێویست زانیاری لەخۆبگرێت و پەیوەندی بە ناوەڕۆکی وانەکەوە هەبێت، هەروەها یارییەکە لەگەڵ تەمەن، قۆناغی خوێندن، ئاستی زانستی، باری کۆمەڵایەتی و کلتوری و دەروونی فێرخوازان بگونجێت، تاوەکو سەرنجیان ڕابکێشێت و بەئاسانی لە بابەتەکە تێبگەن، دواتر فێرخوازانیش بتوانن لەکاتی پەیوەندیکردندا ئەو بنەمایانە بەدروستی جێبەجێبکەن، داڕشتنی ئەم یارییانەی خوارەوەش بەشێوازێکی سادە و ڕوون و ڕەوان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن:

١-ئەم ڕستانە بخوێنەوە، پاشان وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە دیارییبکە:

-ساڵ چەند وەرزە؟ (یەک، دوو، سێ، چوار)

-مانگ چەند ڕۆژە؟ (حەوت، پازدە، سی، چل)

٢-یاریی لە تەنیشت هاوڕێکەت ڕابوەستە: ئەم وشانە بخوێنەوە، پاشان ئەو وشانەی دژواتان بەیەکتریان بگەیەنە: (بەرز، بچووک، نزم، تەڕ، ئاسودە، جوان، گەورە، خەمبار، وشک).

٣-یاریی وروژاندنی مێشک لەگەڵ وشەکان: زۆرترین ژمارەی وشە بنووسە، کە پەیوەندییان بە هەریەک لەم بوارانە(وەرزش، کشتوکاڵ...)هەبێت، بۆ نموونە:

وەرزش ← یاریگا، تۆپ، یاریزان، هاندەر...

٤-یارییە دەنگییەکان: بەرامبەر وشەی(کانی) پێنج وشەی تر بنووسە، کە وەکو ئەم وشەیە کۆتاییان بە پیتی (ی) هاتبێت، بۆ نموونە:

-کانی: شایی، جوانی، دیاری، یاری...

٥-یاریی ڕێکخستنەوەی ڕستە: ئەم وشە پەرشوبڵاوانە لە داڕشتنی ڕستەدا ڕێکبخەرەوە:

-بینی، زانام، لە سەیران، من .

٦-یاریی جیاکردنەوەی دەنگەکان: گوێ لەم دەنگانەی خوارەوە بگرە، کە مامۆستا دەیانخوێنێتەوە، کامە دەنگت لابوو، دووبارەی بکەرەوە: (ب، پ، چ، ح، خ، د...).

بەدەر لەم بنەمایانەی سەرەوە بنەمای ڕێزگرتنێش هەیە لە قسەکردندا، مەبەستی ئەم

بنەمایە ئەوەیە، کە دەبێت ئاخێوەران لەکاتی گفتوگۆدا ڕێز لەیەکتر بگرن و بەئەدەبەوە قسە لەگەڵ یەکتردا بکەن. (لیتش٢٠١٣: ١٤٧) ئەم بنەمایە بە فراوانکردنی چوارچێوەی بنەماکانی هاریکاری دادەنرێت، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەبین بەپێی دەوروبەر، واتە بەپێی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێت، گرنگی ئەم بنەمایە بۆتە هۆی ئەوەی فێرخواز لەناو ئەم یارییانەی خوارەوەدا ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لە گفتوگۆدا بکات:

١-هەر فێرخوازێک ناوی کێشەیەک بنووسێت، دواتر بەیەکەوە لەگەڵ مامۆستا گفتوگۆ لەسەر کێشەکان بکەن.

٢-یاریی بە هاوڕێکەت بڵێ: لەگەڵ هاوڕێکەت ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی یەکتر بکەن: (ناوی سیانیت چییە؟ ساڵی چەند لەدایکبوویت؟ لەچ گەڕەکێک دادەنیشن؟ ژمارەی مۆبایلت چەندە؟...).

٣- یاریی چی دەکەیت؟ یان چی دەڵێیت؟: بەزارەکی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

-ئەگەر کەمئەندامێک داوای یارمەتیکرد، چی دەکەیت؟

-ئەگەر برادەرێکت یارمەتیدایت، چی پێدەڵێیت؟

٤-یاریی گفتوگۆ: مامۆستا بابەتێک بۆ گفتوگۆ پێشنیاردەکات، پاشان فێرخوازەکان لەگەڵ مامۆستا بیروڕا لەسەر بابەتەکە ئاڵوگۆڕدەکەن، بۆ نموونە: ( پاکوخاوێنی، وەرزی بەهار...).

٢-٩-٤-ئەرگۆمێنت:

لەهەر شوێنێک پەیوەندیکردن هەبێ، ئەرگۆمێنت هەیە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنت، کە ئەرگۆمێنت لە هەموو جۆرە دەق و گوتارێکدا هەیە، بەڵام دەرکەوتن و سروشت و پلەکەی لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر، یان لە گوتارێکەوە بۆ گوتارێکی تر دەگۆڕێت. (العزاوي،٢٠١٠: ١١-١٢) لێرەدا مەبەست لە پەیوەندیکردن تەنها گواستنەوەی زانیاریی نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندیکردنەیە، کە ڕەهەندێکی ئەرگۆمێنتی هەیە. بە بڕوای شارەزایان بابەتی ئەرگۆمێنت و مەبەستەکەی بریتییە لە: ((توێژینەوە لەو تەکنیکانەی گوتار، کە وا لە وەرگر دەکەن، ڕازی ببێت بەو بۆچوونانەی پێشکەشیدەکرێت)). (صولة،٢٠١١: ١٣) بەپێی ئەم بۆچونە ئەرگۆمێنت خۆی لە ژمارەیەک تەکنیکی کارلێکردن لە گوتار، یان نووسیندا دەبینێتەوە، کە نێرەر هەوڵدەدات لەڕێگەیانەوە ڕەزامەندی وەرگر بەدەستبهێنێت، لەسەر ئەو پەیامەی کە پێشکەشیدەکات.

پێشکەشکردنی ئەرگۆمێنت لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا زۆر گرنگە، چونکە مامۆستا بۆ ئەوەی فێرخواز ڕازیبکات گوێ لە وانەکە بگرێت و گرنگی بە زانیارییەکان بدات، لەڕێگەی کۆمەڵێک ستراتیژەوە کار لەسەر دواندنی هزر و وروژاندنی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات، بەڵام لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا مامۆستا ئەرگۆمێنت بۆ مەستی گفتوگۆ و مشتومڕ پێشکەش ناکات، بەڵکو وەکو ئەرگۆمێنتێکی پێداگۆجی یان فێرکاری بە ئامانجی ڕازیکردنی فێرخواز بە ڕاستی و دروستی یاسایەک، یان گۆڕینی ڕەفتاری زمانی، یان هاندانی لەسەر فێربوون پێشکەشدەکات، ئەو ئەرگۆمێنتانەش کۆمەڵێک ستراتیژن و بەسەر چوار جۆردا پۆلێن دەکرێن:

١-ئەرگۆمێنتی دەسەڵات: چونکە مامۆستا سەرچاوەی زانیارییە، کەواتە فێرخواز متمانەی بە بیروڕاکانی هەیە، بێئەوەی داوای بەڵگەی لۆژیکی لێبکات.

٢- ئەرگۆمێنتی لۆژیکی: ئەم شێوازە لەلایەن

مامۆستایانەوە لە کاتی فێرکردنی وشەسازی یان ڕستەسازی پێشکەشدەکرێ لەڕێگەی: لێکچوون، کە بریتییە بەراوردکردنی ڕستەیەک لەگەڵ ڕستەیەکی تر، کە فێرخواز پێشتر دەیزانێت، یان لەڕێگەی هەڵێنجان، کە بریتییە لە خستنەڕوو و لێکدانەوەی کۆمەڵێک نموونە بەمەبەستی هەڵێنجانی یاسایەکی گشتی، یان لەڕێگەی ڕاڤەکردن، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکارێکی لۆژیکی بۆ دیاردەیەکی زمانەوانی.

٣-ئەرگۆمێنتی سودمەندی: واتە تیشکخستنەسەر سود و ئەنجامەکان، بۆ ئەوەی فێرخواز ئەوەی لا گرنگبێت کە فێریبووە.

٤-ئەرگۆمێنت بە بەڵگە و نموونە هێنانەوە: واتە ڕازیکردنی فێرخواز بە وەرگرتنی بەڵگە لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بۆ سەلماندنی دروستی بەکارهێنانەکانی زمان، یان هێنانەوەی نموونەی زیندوو لەسەر چۆنیەتی گۆکردنی وشەیەک، یان بەکارهێنانی دەربڕینێک بۆ ئەوەی فێرخوازیش ئەنجامی بدات.

سەبارەت بە کردە قسەییەکانیش، لە کاتی خوێندنی کردە قسەییەکاندا، مامۆستا ئەرگۆمێنت بۆ مەبەستی گواستنەوەی سەرنجی فێرخواز لەسەر پێکهاتەی ڕستە بۆ سەر ئەرکی ڕستە بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی گرنگی بدات بە دەوروبەر و مەبەستی قسەکەر لە ڕستەکەدا، نەک پێکهاتەی ڕستەکە. هاوکات مامۆستا هەوڵدەدات لەڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکی وەک: گونجاندنی ناوەڕۆکی وانەکە لەگەڵ ئاست و خواست و پێداویستی فێرخواز، بەستنەوەی وانەکان بە دەوروبەر، ڕیزکردنی زانیارییەکان لەئاسانەوە بۆ گران، ڕوونکردنەوەی ئامانجی وانەکە، شێوازی وانەوتنەوە و بەڕێوەبردنی پۆل، بەکارهێنانی ڕێگا تازەکانی وانەوتنەوە، بەتایبەتی ڕێگای: (یاریکردن، گروپات، وروژاندنی مێشک، دیالۆگی سوکراتی...) سەرنجی فێرخواز بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی ناو پۆل ڕابکێشێت، بەمەش هەم ناوەڕۆکی بابەتەکە لای فێرخواز ئاساندەکات، هەمیش چێژی پێدەبەخشێت و ئارەزووی بۆ فێربوون زیاتر دەکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەش دەکرێ سود لەم نموونانەی خوارەوە وەربگیرێت:

١-یاریی بەبیرهاتنەوە: بەگروپ گوێ لەم وشە و دەستەواژانە (منداڵ، ئەستێرە، ڕۆژی هەینی، کۆتر، کۆلێژی زمان، سەمونخانە...) بگرن، کە مامۆستا دەیانخوێنێتەوە، پاشان چەند لەو کەرستانەتان لەبیرمابوو لەسەر کاغەزێک بیاننووسنەوە.

٢- یاریی دارشتنی وشە: بە گروپ لەم پیتانە: (ڕ، ف، ڵ، ه، ی، ێ، و، ۆ، ب، د، خ) زۆرترین وشە دابڕێژن.

٣-یاریی ڕۆڵبینین: لەچوارچێوەی ئەو ڕۆڵەی کە مامۆستا لە شانۆگەرییەکە بۆت دیاریدەکات، لەگەڵ فێرخوازانی هاوڕێت گفتوگۆ لەسەر بابەتی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆ نموونە شانۆگەری: (ڕێزگرتن لە یاسا، بازاڕکردن...).

٤-یاریی پرسیار و وەڵام: بەگفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا (سود یان زیان یان هۆکاری) ڕوودانی ڕووداوێکی دیاریکراو شرۆڤەبکەن، بۆ نموونە:( زیانەکانی زۆر سەیرکردنی شاشەی زیرەک چیین؟)

٥-یاریی ئەوە چییە؟: بە گروپ پرسیاری جۆراوجۆر ئاراستەی یەکتر بکەن، بۆ نموونە:

گروپی ١: ئەوە شتە چییە، کە چوار پێچکەی هەیە و لەسەری دادەنیشین؟

گروپی٢: ئەمە کورسییە.

گروپی ٢: ئەوە شتە چییە، کە باری لێباردەکرێ و بە ئاسمانیشدا دەفڕێت؟

گرووپی١: ئەمە فرۆکەیە.

٦-یاریی بەبیرهێنانەوەی سەربەست: بە گرووپ زۆرترین ناو بنووسن، ئەم سیفاتانەیان: (خڕ، گەرم، دڵسۆز، شیرین) تێدابێت، بۆ نموونە:

خڕ←تۆپ، گندۆرە، سێو، زەوی، مانگ، ڕۆژ...

٢-١٠-پۆلێنکردنی یارییە زمانییەکان:

بەگشتی یارییە زمانییەکان لەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا ئەنجامدراون، لەسەر چەند بنەمایەک پۆلێنکراون، لەوانە: بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندن، یان بەپێی ئاستەکانی زمان...، بەڵام ((باوترین پۆلێنکردن، پۆلێنکردنی یارییەکانە بەپێی چوار کارمەییە سەرەکییەکەی زمان، کە یارییەکانی(گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین) دەگرێتەوە)). (عبدالعزیز،١٩٨٣: ٣٣) لەم توێژینەوەیەشدا سود لەم جۆرە پۆلێنە وەرگیراوە، بەڵام مامۆستا دەتوانێ دەستکاری شێواز و ناوەڕۆکی یارییەکان بکات، بۆئەوەی لەگەڵ ئاستی زانستی و تەمەن و قۆناغی خوێندنی فێرخوازدا بیانگونجێنێت.

٣-کارامەییەکانی زمان

کارامەییەکانی زمان بەکارهێنانی زمانە بە وردی، لێهاتوویی، خێرایی و تێگەیشتنەوە بە لەبەرچاوگرتنی یاسا زمانەوانییەکانی قسەکردن و نووسین. (بوغرارة و موسى، ٢٠١٨: ٢٠٥) ئامانجی سەرەکی لە فێربوونی زماندا، فێربوونی کارامەییەکانی زمانە، چونکە ئەم کارامەییانە بە پایە سەرەکییەکانی زمان دادەنرێن، بەبێ فێربوونی ئەو چوار کارامەییە، نە فێربوونی زمان و نە توانستی پراگماتیکی بەدەستناهێت.

٣-١-پەیوەندیی کارامەییەکانی زمان بە توانستی پراگماتیکییەوە:

گرنگیدانی پراگماتیک بە هەڵێنجانی واتا لە دەق دەبێتە هۆی گەڵاڵەبوونی چەندین واتا لای فێرخواز، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەرەپێدانی کارامەییەکانی زمان پاراوییە. (عبدالقادر، ٢٠١٨: ٢١٨) سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان توانستی پراگماتیکی و کارامەییەکانی زماندا هەیە، توێژەرانی ئەو بوارە پێیانوایە، (( توانستی پراگماتیکی بەتوندی وابەستەیە بە هونەری وەرگرتنی زمان (گوێگرتن و خوێندنەوە)و هونەری ناردنی هێمای زمانی (قسەکردن و نووسین)، چونکە لەم چوارچێوەیەدا گوێگر پێویستی بەوەیە لە مەبەستی ئەو گوتارە تێبگات، کە ئاراستەی دەکرێت، خوێنەریش پێویستی بە لێکدانەوەی ئەو پەیامانە هەیە، کە بۆی نووسراوە)). (القحطاني ٢٠١٧: ٢٥-٢٦) لەم ڕووەوە دەکرێ بڵێین هەموو ئەو چالاکییە هزری و زمانەوانییانەی لە پرۆسەی فێربوونی زماندا ڕوودەدەن، ڕەهەندێکی پراگماتیکییان هەیە، چونکە هەموویان پەیوەستن بە بەکارهێنانی زمانەوە لە دەورووبەرە جیاوازەکاندا، لەم نێوەندەشدا توانستی پراگماتیکی پەیوەندیەکی پتەوی بە کارامەییە سەرەکییەکانی زمانەوە هەیە، چونکە هەردووکیان یەک مەبەستیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کار لەسەر سەرکەوتنی پەیوەندیکردن و ڕوونکردنەوەی مەبەستی قسەکەر لای گوێگر و دروستکردنی کارلێک لەنێوانیاندا دەکەنەوە، بەڵام یەکەمیان لە ئەنجامی کارابوونی دووەمیانەوە بەرهەمدێت، چونکە هەر گەشەسەندنێک لە کارامەییەکانی زمانی فێرخوازدا ڕووبدات، لە ئەنجامی ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر یارییە زمانەوانییەکان، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەسەندنی توانستی پراگماتیکی دەبێت.

### ٣-٢-جۆرەکانی کارامەییەکانی زمان:

بەگشتی کارامەییەکانی زمان دابەشی سەر چوار جۆری سەرەکی کراون، کە بریتین لە:

### ٣-٢-١-کارامەیی قسەکردن:

قسـەکردن، یـان دەربڕینـی زارەکـی، بریتییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامێکی زارەکی بە بەکارهێنانی هێما دەنگییەکان، یاخود بە توانای قسەکردن و گۆکردنی وشـەکان و بڕگەکان بە شێوەیەکی دروست و ڕەوان دادەنرێت. (بوغرارة و موسـی،٢٠١٨: ٢٠٨) سەرەتای فێربوونی زمان بە قسەکردن دەستپێدەکات، بەهۆیەوە فێرخواز دەتوانێت بیروبۆچوونەکانی بە کەسانی تر بگەیەنێت.

قسەکردن بۆ چارەسەری ئەم کێشانەی فێرخواز بەکاردێت:

١- گۆکردنی دەنگەکانی زمان بەدروستی. ٢- بەکارهێنانی زمان بە خێرایی و بە متمانەوە. ٣- هەڵبژاردنی ئەو دەربڕینانەی لەگەڵ دەورووبەرەکە دەگونجێن. ٤- ڕیزکردنی بیرۆکەکان بە بەشێوەیەکی واتـادار. ٥- لەبەرچاوگرتن و بەکارهێنانی هێز و ئاوازە لە قسەکردندا. (سەرچاوەی پێشوو،٢٠١٨: ٢٠٩)

### ٣-٢-١-١-یارییەکانی قسەکردن:

کارامەییی قسەکردن لەڕێگەی ئەو تەکنیکانەی خوارەوە فەراهەمدەبێت :

١-یـاریـی نـوانـدن بـەزمـانـی جـەسـتـە: هـەر فێرخوازێک نـاوەڕۆکـی یەکێک لـەم ڕستانە(من مـانـدووم، مامۆستا هـــات...) بـە زمـانـی جەستە بۆ فێرخوازەکانی گرووپەکەی بنوێنێ، ئەوانیش نوواندنەکە بگۆڕن بۆ قسەکردن.

٢-یاریی ڕوونکردنەوە بە پرسیارکردن: پرسیار لە مامۆستا بکە، تا مەبەستەکەی ڕووندەبێتەوە، (عبد العزیز١٩٨٣: ٨٥) بۆ نموونە:

مامۆستا: من پەرتووک دەخوێنمەوە.

فێرخوازی١: پەرتووکەکان دەربارەی مێژوون؟

مامۆستا: ببورە، نەخێر.

فێرخوازی٢: ئەی چیرۆک و ڕۆمان دەخوێنیتەوە؟

مامۆستا: بەڵێ، ڕاستەدەکەیت.

٣-یاریی شتە بزربووەکان: بە بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵکارە شوێنیانە (لەسەر، لەژێر، لەناو...)پرسیار لە شوێنی بزربوونی ئەو شتە بکەن، کە فێرخوازەکە بزریکردووە، بۆ نموونە:

فێرخوازی١: پێنووسێکم بزرکردووە.

فێرخوازی٢: لەناو پەرتووکەکانت نەبوو؟

فێرخوازی١: نەخێر.



٤- بە بەکارهێنانی ئەم وشە پرسانە: (کام، چی، چۆن، لەبەرچی...)، زۆرترین ڕستەی پرسیار لەسەر ئەم وێنەیە بە زارەکی دروستبکە.

٥-یـاریـی چیت لـەسـەر ئـەم شتانە لـەبیرە؟: سەیری وێنەی شتەکان بکە، بۆ نموونە:مامۆستا وێنەی (گۆی زەوی) پیشانی فێرخوازان دەدات و ئەم پرسیارانەیان لێدەکات: (عبد العزیز،١٩٨٣: ٩٥)

-ئـەمـە وێـنـەی چییە؟ بۆچی بـەکـاردێـت؟ کێ بەکاریدەهێنێت؟ ...

٦-یاریی زنجیرەی وشە: بە وشەیەک بەشدارییکە، بەمەرجێک وشەکەت پەیوەندی بەو وشەیەوە هەبێت، کە فێرخوازەکەی پێش تۆ دەیڵێت.

فێرخوازی١: گوڵ

فێرخوازی٢: باخچە

فێرخوازی٣: رواندن

مامۆستا: بۆ دەڵێیت ڕواندن؟

فێرخوازی٣: چونکە گوڵ لە باخچە دەڕوێنرێت.

### ٣-٢-٢- کارامەیی خوێندنەوە:

خوێندنەوە بە پرۆسەی ناسینەوەی پیتەکان و لێکدانیان لە وشەی نووسراو و تێگەیشتن لێیان و بەستنەوەیان بە قسەکردنەوە دادەنرێت. (بوغرارة و موسى ،٢٠١٨: ٢٠٨) خوێندنەوە بە یەکێک لە گرنگترین کارامەییەکانی زمان دادەنرێت، چونکە بە ئامرازی فێربوونی زانیاری و ڕۆشنبیری دادەنرێت.

یارییەکانی خوێندنەوە چەندین ئامانجیان هەیە:

١-راهێنانی فێرخواز لەسەر گۆکردنی کەرستەکانی زمان. ٢-ئاسانکاریکردن بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین. ٣- ڕەخساندنی کەشێکی باش بۆ گەشەدان بە خود. ٤-پەرەدان بە توانای خوێندنەوە و ناسینەوەی کەرستەکانی زمان لای منداڵ.(الصويركي،٢٠٠٥: ٥٣)

### ٣-٢-٢-١-یارییەکانی خوێندنەوە :

کارامەیی خوێندنەوە لەرێگەی ئەو تەکنیکانەی خوارەوە فەراهەمدەبێت :

١- یاریی لەگەڵ گروپەکەتدا ڕابوەستە: ئەم وشانە (ژێر، زۆر، زیرەک، ژەنگ، درێژ، ئاواز...) بخوێنەوە، پاشان ئەو وشانەی پیتی (ز)یان تێدایە، جیایانبکەرەوە لەو وشانەی پیتی (ژ)یان تێدایە.

٢-ئەو وشانە بەیەکتر بگەیەنە، کە واتایان لەیەکتر نزیکە: (ئاسودە، زیرەک، بەپیت، ژیر، دڵخۆش، بەسود...). (الصويركى ٢٠٠٥: ٥٤)

٣-یاریی ڕستەی نووسراو لەسەر کارت: ڕستەی سەر ئەو کارتە بخوێنەوە، کە مامۆستا پێتدەدات، پاشان ئەو کردارە ئەنجامبدە، کە لەسەر کارتەکە نووسراوە، بۆ نموونە:

- ئازاد تەختەکە بکوژێنەوە. - ئازاد هەڵدەستێت تەختەکە دەکوژێنێتەوە.

٤-ئەو وشانە بەیەکتر بگەیەنە، کە بە لێکدانیان وشەیەکی لێکدراو دروستدەکەن:

( سەرۆک، چاو، هەنار، پەرلەمان، دار، بەرز، شین...)

٥-یاریی هاوتاکردن: ئەو وشانە بەیەکتر بگەیەنە، کە پیتە دیارییکراوەکەیان لە نووسین و خوێندنەوەدا لەیەکتر نزیکن، بۆ نموونە:(هەژار، ملی، یاری، هەزار، گری، ڕەنگ، دیار، دڵ...).

٦- ئەم دەقە بخوێنەوە، پاشان نیشانەی ڕاست( √) و چەوت (X ) بەرامبەر ڕستەکانی خوارەوە دابنێ، هەڵەکانیش ڕاستبکەرەوە:

(لە وەرزی بەهاردا سروشتی کوردستان زۆر جوان دەبێت، ئەمەش وادەکات خەڵکی کوردستان بە گەورەوە و بچووکەوە ئارەزوی گەشتوگوزار بکەن...).

- لە وەرزی پایزدا سروشتی کوردستان زۆر جوان دەبێت.

٧-لە ناو ئەم وشانەدا (ئەوان، ئێواران، گەورە، ژیان، زیرەک، ئێستا، تۆ) ناو و ئاوەڵناو و جێناو و ئاوەڵکار لەیەکتری جیابکەرەوە.

٨-یاریی کار و ئاوەڵکار: ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنەوە، پاشان یەکێک لەم ئاوەڵکارانە (دوێنێ، ساڵێکی تر)بۆ ڕوودانی کاری ڕستەکان هەڵبژێرە: (Hanifah 2012:298)

– شەماڵ.......هات.

–لاڤە........ دەچێت بۆ زانکۆ.

### ٣-٢-٣-کارامەیی گوێگرتن:

گوێگرتن پرۆسەیەکی هزریی هۆشیاریی بە مەبەستە، بریتییە لە وەرگرتنی دەنگ و تێگەیشتنی بە گوێچکە بە مەبەستی سەرنجلێدان.(علیان١٩٩٢: ٤٩) گوێگرتن توانای بیرهێنانەوە و لێکدانەوەی ناوەڕۆکی کەرستە بیستراوەکانە، هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی کارامەییەکانی تر، بەو پێیەی گوێگرێکی باش، قسەکەرێکی ڕەوان و خوێنەرێکی بەسەلیقە و نووسەرێکی بەتوانای لێبەرهەمدێت، سودەکانیشی بریتین لە:

١-سەرنجدان و جەختکردنەوە لەسەر بابەتە بیستراوەکان زیاتر دەکات. ٢-گەشە بە سەلیقەی گوێگرتن و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خێرا و خوێندنەوە دەدات. ٣-ئارەزوی خوێندنەوە و فێربوون زیاتر دەکات. ٤-دەنگ و پیت لەیەکتری جیادەکاتەوە .(عبدالقادر٢٠١٨: ١٨٦).

### ٣-٢-٣-١-یارییەکانی گوێگرتن:

کارامەیی گوێگرتن لەڕێگەی ئەو یارییە زمانەوانییانە فەراهەمدەبێت :

١-یاریی کارتەکەت بەرزبکەرەوە: گوێ لەم دەنگانە(ی، ڤ، س، گ، م، ڕ... ) بگرە، ئەگەر وشەکەی سەر کارتەکەی لای تۆ ئەو دەنگەی تێدابوو، کارتەکەت بەرزبکەرەوە، وشەکانیش ئەمانەن:

( گەلا، هەست، مرۆڤ، ڕاهێنان، یانە... )

٢-مامۆستا بەچەند ڕستەیەک وەسفی ئەم وێنەیەی خوارەوە دەکات، تۆش گوێ لە ڕستەکان بگرە، ئەگەر وەسفەکە ڕاستبوو، بڵێ، بەڵێ، ئەگەر ڕاستنەبوو، بڵێ نەخێر، بۆ نموونە:

–ئەو مرۆڤەی کەوتۆتە ناو ئاوەکە گۆرانی دەڵێت.

–مرۆڤەکانی تر یارمەتی ئەو کەسە دەدەن، کە کەوتۆتە ناو ئاوەکە.




٣- یاریی ئاگاداری هەڵەکان بن: گوێ لەو ڕستانە بگرە، کە مامۆستا دەیانخوێنێتەوە، ئەگەر هەڵە لە زانیاری ناو ڕستەکاندا هەبوو، چاکیبکەرەوە، (عبد العزیز،١٩٨٣: ٧١)بۆ نموونە:

–مامۆستا: کەرکوک پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

–فێرخوازی١: ببورە، هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

٤-یاریی ئەوەی بیستت لەبیرتبێت: گوێ لەم دەقە بگرە، کە مامۆستا دەیخوێنێتەوە، پاشان وەڵامی پرسیارەکانی خوارەوە بدەرەوە. (الصویرکی ٢٠٠٥: ٩٢)

(هێمن شاخەوان فێرخوازێکی زیرەکی پۆلەکەیەتی، کە ژمارەیان ٣٥ فێرخوازە لە پۆلەکەدا، ساڵی ڕابردوو بەشداری تاقیکردنەوەی بەهرەدارانی کردووە ...).

–باوکی هێمن ناوی چییوو؟

–فێرخوازانی پۆلەکە ژمارەیان چەندبوو؟ ...

٥- یاریی مامۆستا چی گوت ئەنجامیبدن: گوێ لە مامۆستا بگرن، داوای چی لێکردن ئەنجامیبدەن، بۆ نموونە:

( دەستی ڕاستتان بەرزبکەنەوە، پەرتووکی زانست دەربهێنن...).

٦-گوێ لەم ڕستە و پەندانە بگرن، کە مامۆستا دەیخوێنێتەوە، پاشان هەریەکەتان هەوڵبدەن، لەبەر بیانڵێنەوە.

-پارکی شارکەیان نۆژەندەکەنەوە.

-نان بۆ نانەواو، گۆشت بۆ قەساب.

### ٣-٢-٤-کارامەیی نووسین:

نووسین بریتییە لە توانای نووسینی بیرۆکەکان و وێناکردنیان بە پیت و وشە و پێکهاتەی ڕێزمانی دروست، یاخود تۆمارکردنی بیرکردنەوە و قسەکانی مرۆڤە بە هێمای نووسراو. (بوغرارة و موسی ٢٠١٨: ٢٠٨-٢٠٩)

نووسین ئەم پرسانەی خوارەوە لای فێرخواز چارەسەردەکات:

١-کۆنترۆڵکردنی جوڵەی دەست. ٢- دیاریکردنی ئاڕاستەی نووسین. ٣- ڕەچاوکردنی یاساکانی ڕێنووس و هێماکانی خالبەندی، (لطمن و بن عمیور،٢٠٢٢: ٦٧) ٤-چۆنیەتی نووسینی پیتەکان و لیکدانیان لە داڕشتنی وشە و بەستنەوەیان بەو کەرستانەی کە لە دوایانەوە دێن. (عبدالعزیز١٩٨٣: ٢٥)

نووسین بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە و هەستەکانی مرۆڤ بەکاردێت، نووسین چوارەم و کۆتا کارامەیی زمانە، چونکە تێگەیشتن و گۆکردن و خوێندنەوە لە پێش نووسین دێن.

### ٣-٢-٤-١-یارییەکانی نووسین:

کارامەیی نووسین لەڕێگەی ئەم یارییانەی خوارەوە بەرهەمدێت:

١- یاریی تەواوکردنی وشەکان: ئەم وشە ناتەواوانەی خوارەوە بەیەکێک لەم پیتانە (ر، ڵ، و، ش) تەواوبکە: دا_، شۆڕ_، هە_اڵ، مندا_

٢-یاریی داڕشتنی وشە: لەم پیتانە زۆرترین وشە دابڕێژە: (ڕ، د، ە، م، ێ، س، ۆ...).

٣-یاریی شوێنەکەت بدۆزەرەوە: لەم کەرستە زمانیانە زۆرترین ڕستە دابڕێژە.

(هێنا، وەرگرت، لە، خەڵاتەکەی، ئەکتەرەکە، سەرۆکی حکومەت، بۆ، ئاهەنگەکە، هات)

٤-یاریی چیرۆکی ناو وێنەکە: بە گروپ چیرۆکی ناو ئەم وێنەیە بنووسنەوە.






٦- ئەو پیتانە بنووسە، کە خاڵەکانیان لەسەریان دادەنرێت، هەر پیتێکیش لە داڕشتنی دوو وشە بەکاربهێنە.

٧-لەم وشانەی خوارەوە هەر پیتێک پێویستی بە خاڵ یان هێما هەبێت بۆی دابنێ:

(حزمەتکردن، پیسدەکەوێت، گولدان، باخچە،دەفروسێت...)

٨-بۆ هەر پیتێک لە وشەی(کوڕ)، ڕستەیەک دابڕێژە، بەمەرجێک پیتەکە لەسەرەتای ڕستەکە

بەکارهاتبێت ( Öğr. 2020:95) بۆ نموونە:

(ک) ←کۆترەکە نیشتەوە. (و) ← وەرە ژوورەوە. (ڕ) ← ڕزگار هات.

٩-یاریی زیادکردنی ئاوەڵکار بۆ ڕستەکە:

لەبری ئەم ئاوەڵکارەی هێڵی بەژێردا هاتووە، ژمارەیەک ئاوەڵکاری تر بنووسە، کە وەسفی هەمان کار بکەن:

- گەشتیارەکان لە کەنار دەریا دانیشتوون.

١٠-بەکورتی باسی ڕووداوێک بکە، کە لە ڕابردوودا بیستوتە یان بینیوتە ڕوویداوە.

١١-ئەم پێشگر و پاشگرانە لە دارشتنی زۆرترین وشەی داڕێژراو بەکاربهێنە: (دەر، هەڵ، ڕا، دا، ەوە، وەر...)

١٢-پیتە بزوێنە درێژەکان و کورتەکان بەجیا بنووسە و هەر یەکەشیان لەداڕشتنی وشەیەکدا بەکاربهێنە.

١٣-ئەم کاتانە بنووسەوە: AM 20 :7 11:45 AM PM 5:30

١٤- یاریی درککردن بە پەیوەندییەکان: هەریەک لەم کردارانە (ڕاکردن، چارەسەرکردن، کارکردن) پەیوەندی بەکام لەم ناوانەی خوارەوە هەیە، لە تەنیشتی بینووسە: -کرێکار............ -یاریزان.......... -پزیشک ..............

٤- ئەنجام:

یاریی زمانی کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆری زمانەوانیی چێژبەخش و ڕێکخراوە، کە مامۆستا لەسەر بنەمای کێبڕکێ ئامادەیدەکات و وەکو میکانزمێک بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فێرکردنی زمان و ڕاکێشانی سەرنجی فێرخواز بۆ ناوەڕۆکی وانەکە بەکاریدەهێنێت. بەپێی ڕێبازی پراگماتیکی فێرخواز لە پۆلدا هەر تەنها فێری یاساکانی داڕشتنی ڕستە ناکرێت، بەڵکو فێری توانستی پراگماتیکی دەکرێت، کە خۆی لە هۆشیاری بەکارهێنانی زمان بەشێوەکی دروست و کاریگەر بەپێی دەوروبەر و درککردن بە ڕەهەندە پراگماتیکییەکان لە دەق و گوتاردا دەبینێتەوە. ڕاهێنانی فێرخواز لەسەر یارییە زمانییەکان دەبێتە هۆی گەشەدان بە کارامەییەکانی زمان، هەر گەشەسەندنێکیش لە کارامەییەکانی زماندا ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ توانستی پراگماتیکی لێبەرهەمدێت. توانستی پراگماتیکی لەڕێگەی تەکنیکی بە سەنتەرکردنی فێرخواز لە پۆل و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار، کە تێیدا ڕێگا بە فێرخواز بدات بەشێوەی (قسەکردن، نووسین، خوێندنەوە، گوێگرتن) کارلێک لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بکات، بەرهەمدێت. هەڵبژاردنی یارییە زمانییەکان بۆ فێرکردنی زمان بەڕێکەوت نەبووە، بەڵکو پلان بۆ داڕێژراوبووە، ئەم یارییانە بەکارهێنانی زمانە بەشێوازی جۆراوجۆر، بۆیە سروشتێکی پراگماتیکییان هەیە و لە بونیادیاندا چەندین ڕەهەندی پراگماتیکی جیاواز خۆیان حەشارداوە، لەوانە:

ئا- کردە قسەییەکان: بەگشتی ناونیشانی یارییە زمانییەکان کردەیەکی قسەیی ڕاستەوخۆن لەشێوەی فەرماندان، بەڵام ناوەڕۆکی یارییەکان لە پاڵ مەبەستە ڕاستەوخۆکەیان هەندێجار مەبەستێکی ناڕاستەوخۆش دەگەیەنن، چونکە مەبەستی سەرەکی یارییەکان تەنیا فێرکردنی کارامەییەکانی زمان نییە، بەڵکو فێرکردنی بەکارهێنانی کارامەییەکانی زمانە.

ب-بنەمای هاریکاری: بۆ ئەوەی فێرخواز بەئاسانی لە ناوەڕۆکی یارییە زمانییەکان تێبگات، مامۆستا بەپێی پێویست لە کاتی داڕشتنیان و ڕاهێنانی فێرخوازان لەسەریان بنەماکانی هاریکاری و بنەمای ڕێزگرتن جێبەجێدەکات.

پ-پێشگریمانە: بڕیاری هەڵبژاردنی یارییە

زمانییەکان و جۆرەکانیان و دارشتنی ناوەرۆکەکەیان لەسەر بنەمای پێشگریمانە دەدرێت، چونکە مامۆستا گریمانە دەکات، فێرخواز پێویستی بە فێربوونی ئەو جۆرە زانیارییانە هەبێت.

ت–ئەرگۆمێنت: لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا مامۆستا ئەرگۆمێنتی پێداگۆجی بە ئامانجی رازیکردنی فێرخواز بە راستی و دروستی یاسایەک، یان گۆرینی رەفتاری زمانی، یان هاندانی لەسەر فێربوون دەهێنێتەوە، نەوەک بۆ مشتومڕ و گفتوگۆکردن ، بۆ ئەم مەبەستەش لەرێگەی کۆمەڵێک ستراتیژی ئەرگۆمێنتی وەک: ئەرگۆمێنتی ( دەسەڵات، لۆژیکی، سودمەندی، بەڵگە و نموونەهێنانەوە) کار لەسەر دواندنی هزر  فێرخواز دەکات.

## سەرچاوەکان


به کوردی

–محمد، دارا حمید،(٢٠١٢)، شیکاری رستەی ئاڵۆز لە روانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی–سکوڵی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان

به عەرەبی

–البري، قاسم، (٢٠١١)، أثر استخدام الألعاب اللغوية في مناهج اللغة العربية في تنمية الأنماط اللغوية لدى الطلبة المرحلة ألأساسية، المجلة الأردنية في العلوم التربوية، مجلد ٧، عدد١ (٢٠١١) ص٢٣–٣٤.

– بوجمعة، علجية أيت، (٢٠٢٣)، اهميه الالعاب اللغويه في تعليم اللغات، المجلة الممارسات اللغويه ،المجلد ١٤– العدد ٢، ٢٠٢٣،ص٩٣–١٠٢.

– بصول، خديجة، (٢٠٢٣)، الاتجاه التداولي في تعليمية النحو العربي في المرحلة الابتدائية وفق طريقة حل المشكلات، مجلة الأداب والعلوم الأنسانية، المجلد ٦–العدد١–مارس٢٠٢٣، ص١٣٩–١٥٧.

–بوغرارة، عزيزة و موسى، جمال،( ٢٠١٨)، المنهج التداولي في تعليمية اللغة العربية، مجلة الحكمة للدراسات الأدبية واللغوية، المجلد٦ ، العدد ١٦، ( ٢٠١٨)، ص٢٠٢–٢١٨ .

– بوفناز، حسين و بوكلوة، مراد، (٢٠٢٣)، استثمار الاستراتيجيه التداويه في تعليم اللغات وتعلمها نحو (مقاربه تداولية)، مجلة الاداب واللغات والعلوم الانسانيه، المجلد ٦، العدد ١، ٢٠٢٣.

–حمو الحاج، ذهبية، (٢٠١٥)، إشكالية تعليم اللغة العربية لغير الناطقين بها في اللسانيات التداولية، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، العدد العشرون، (٢٠١٥)، ص٤٣–٧٧.

–الشمس، خالد حوير، (٢٠٢١)،  اللسانيات التعليمية: دراسة في المفهوم والتصورات،المجلة الدولية للعلوم الأنسانية والأجتماعية، العدد(٢٦)، اوكتوبر ٢٠٢١،ص٢٩–٤٤.

– صحراوي، مسعود، (٢٠٠٥)، التداوليه عند العلماء العرب– دراسه تداوليه لظاهره الافعال الكلاميه في تراث اللساني العربي، دار الطليعه، بيروت لبنان، ط ١.

– صولة، عبدالله، (٢٠١١)، فی نظرية الحجاج (دراسات والتطبيقات)،مسكيلانی للنشر والتوزيع ،تونس.

– الصويركی، محمد علي حسن، ( ٢٠٠٥)، الالعاب اللغويه ودورها في تنميه مهارات اللغه العربيه، دار الكندي للنشر والتوزيع، عمان.

–عبدالقادر، محمود هلال عبد الباسط، (٢٠١٨)، نموذج تدريسي قائم على النظريه التداوليه في تدريس اللغه العربيه للتنميه مهارات الاستقبال اللغوي والطلاقه اللغويه لدى تلاميذ المرحله اعداديه، مجله كليه التربيه– جامعه عين شمس، العدد الثاني والاربعون، الجزء الثالث–٢٠١٨، ص١٥٩–٢٣٢.

–عبدالعزيز، ناصف مصطفى، (١٩٨٣)، الالعاب اللغويه في تعليم اللغات الاجنبيه، دار المريخ، الرياض المملكه العربيه السعوديه.

– العزاوي، أبوبكر، (٢٠١٠)، الخطاب والحجاج، مؤسسة الرحاب الحديثة، بيروت–لبنان، ط١.

– عكاشه، محمود، (٢٠١٣)، النظرية البراجماتية اللسانية(التداولية)، ط١، مكتبة الاداب–القاهرة.

–عليان، احمد فؤاد، (١٩٩٢)، المهارات اللغويه ماهيتها وطريقه تدريسها، دار المسلم.

– فاخوري، عادل، (١٩٨٩)، الاقتضاء في التداول اللساني، مجلة عالم الفكرة، العدد الثالث، المجلد الثاني، ص١٤١–١٥٦.

–القحطانی، سعد بن محمد، (٢٠١٧)، نحو تدريس الكفاية التداولية في برامج تعليم اللغة الثانية: دراسة تحليلية، مجلة الدراسات اللغوية والآدبية، العدد الثاني، السنة التاسعة،( ٢٠١٧)، ص٢٢–٥٥.

– لطمن، احمد و بن عميور، خالد، (٢٠٢٢)، اهميه الالعاب اللغويه في تنميه مهارتي القراءه والكتابه لدى تلاميذ السنه الاولى ابتدائي، مجله اشكالات في اللغه والادب، مجلد١١،عدد ١، (٢٠٢٢)، ص٥٧–٧٤. EISSN: 2600-6634 / ISSN:2335-1586

–ليتش، جيوفري، (٢٠١٣)، مبادىء التداولية، ت: عبدالقادر قينيني، الطبعة الاولى، أفريقيا الشرق، الدار البيضاء، المغرب.

– مصلوحي، سميره ابراهيم، (٢٠٢١)، اكتساب اللغه الثانيه من منظور وظيفي، السنه الخامسه، المجلد العاشر، العددان التاسع عشر والعشرون، ٣٥٣–٣٧٩.

– مقران، يوسف، (٢٠١٣)، مدخل في اللسانيات التعليميه، دار كنوز الحكمه، الجزائر .

– نحلة، محمود أحمد، (٢٠٠٢)، آفاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية.

–Hanifah, Umi (٢٠١٢) ، أهمية اللعاب اللغوية في تعليم اللغة العربية، -Jurnal Ilmu Tarbiyah "At-Tajdid", Vol. 1, No. 2, Juli 2012-p279-305

–) Öğr, Üyesi Mariam TEKELİ،(٢٠٢٠) ، مدى أهمية أللعاب اللغوية في زيادة تحصيل المفردات لدى لالاب اللغة العربية للناطقين بغيرها، -Akademik Sosyal Araştırmalar Dergisi, Yıl: 8, Sayı: 102, Mart (2020) .86-96

ئینگلیزی:

GRICE, H. P, (1975), Logic and conversa-tion, in pater Cole and Jerry Morgan(eds) Syntax and Semantics, 3: Speech acts (New York;) ,(academic press, pp:41-68.

- LEVINSON, S. C, (1997), Pragmatics. Cambridge University Press, London.

- YULE, G, (2010), The Study of Language, Fourth edition, Cambridge University Press.

YULE, G, (2000), Pragmatics, Oxford university press.

## الملخص

لقد اهتمت اللغويات التعليمية،
باعتباره علما جديدا في مجال تعليم اللغات، باختيار برامج تعليم اللغات، التي يمكن أن توفر الكفاءة على استخدام اللغة للمتعلمين، وقد أدى هذا الاهتمام إلى التفكير في تطبيق المناهج التداولية في تعليم اللغات، وفي هذا الصدد، خصص محتوى هذا البحث ((البعد التداولي في تعليم اللغة (الألعاب اللغوية) أنموذجا)) لمناقشة هذا الموضوع، لذا نوقشت في البداية العلاقة بين علم اللغة التعليمية و التداولية وآليات علم اللغة التعليمية في عملية تعليم اللغة، ثم في المحور آخر نوقشت فوائد التداولية وأهمية الكفاءة التداولية والتقنيات اللازمة لإنتاج هذه الكفاءة في الفصل الدراسي. في المحور الأخير، فسرت الأبعاد التداولية لبنية الألعاب اللغوية مع الاستشهاد ببعض الأمثلة، ثم سلطنا الضوء على الأهداف والفوائد ومعايير اختيار هذه الألعاب ودورها في تطوير مهارات اللغة الأساسية، وأخيرا استعرضنا النتائج التي توصلت إليها في الدراسة.

الكلمات المفتاحية: اللسانيات التعليمية، الألعاب اللغوية، الكفاءة التداولية، مهارات اللغة، البعد التداولي.

## Abstract

Pragmatic Aspects in language Teaching (language Games) as a Sample

Educational linguistics, as a new and specific field in language teaching, has focused on selecting language teaching programmers, which can provide learners with the competence to use language. This importance has led to thinking about applying pragmatic approaches in language teaching, In this regard, the content of this research ((Pragmatic Aspects in language Teaching (language Games) as a Sample)). was devoted to discussing this topic. Thus, the relationship between educational linguistics and pragmatics and the mechanisms of educational linguistics in the language teaching process were discussed at the beginning. Then, in the last section, the benefits of pragmatics, the importance of pragmatic competence, and the techniques necessary to produce this competence in the classroom were discussed. In the final section, the pragmatic Aspects of the structure of language games were explained, with examples. Then, we highlighted the goals, benefits, and criteria for selecting these games, as well as their role in developing basic language skills, and finally, the results obtained in the study were presented.

Key Words: Educational Linguistics, Language Games, Pragmatic Competency, Language Skills, Pragmatic Aspects.